پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بەرەو (مزگەوتی) قوبا بۆئەوەی نوێژی تێدا ئەنجامبدات

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بەرەو (مزگەوتی) قوبا بۆئەوەی نوێژی تێدا ئەنجامبدات»، دەڵێت: ئەنسارِ هاتن وسەلامیان لێیکرد لەکاتێکدا نوێژی دەکرد، دەڵێت: ووتم بە بیلال، ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چۆن وەڵامی ئەوانی دەدایەوە کاتێک سەلامیان لێیکرد وئەو نوێژی دەکرد؟ (بیلال) ووتی: ئاوای دەکرد، دەستی -ڕاستی- درێژکردەوە -بەرەو پێشەوە- وناولەپی بەرەو خوارەوە بوو، وپشتی دەستی بەرەو سەرەوە بوو.

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئەو ڕوونەدەکاتەوە کە دروستە بە ئاماژە کردن وەڵامی سەلامکردن بدرێتەوە تەنها لە کاتی نوێژدا چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیداوە کاتێک ئەنسارِ هاتن وسەلامیان لێیکرد وئەو نوێژی دەکرد لە مزگەوتی قوبائدا، تەنها دەستی ڕاستی هەتاوەکو مەچەکی یان بازووی درێژکردەوە -بەرەو پێشەوە- بەشێوەیەک ناولەپی بەرەو خوارەوە بوو، وپشتی دەستی بەرەو سەرەوە بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10655